# پرسی ئێزیدییەکان و ناسنامەی نەتەوەییان

فەرمیدوون سامان

## پێشەکی

ناساندنی پێکهاتەی ئیتنیکی کوردە ئێزیدییەکان وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە ئەنجوومەنی نیشتمانی عیراق دا بە ڕای من هەوڵێکی ڕەگەزپەرستانەی نەتەوەپەرستی مەزهەبگەرایە دژی نەتەوەی کورد. ئامانج لەو بانگەشە و هەوڵی ناساندنەش گۆڕینی دیموگرافی و سیاسەتی پاکتاوی نەژادی نەتەوەی سەردەستە لە بەردەوامی پرۆژەی سەد ساڵەی جینۆسایدی گەلی کورد. ئەم هەوڵە نەزۆکە گەر بۆیان بچێتە سەر بە دڵنیایی بۆ داهاتوویەکی دوور و نزیک مەترسی لەسەر ئاساییشی نەتەوەییمان نەک هەر بۆ قەوارەی جوگرافی باشووری کوردستان هەیە، بەڵکو هەڕەشەیەکی مەترسییە بۆ تەواوی کوردستانی گەورە، بۆ سەر زمان و ناسنامەکەمان هەیە. بە دەرفەتی دەزانم کە ئەم باسە بێنمەوە گۆڕێ، بەتایبەتی کە من دەمێکە کار لەسەر گرووپ و ئیتنیکەکانی کوردستان دەکەم بە تایبەتیش پرسگەلی کوردانی ئێزیدی و شەبەک و کاکەیی و فەیلی و هەورامی... هتد.

لە ڕابردوودا چەندان وتار و توێژینەوەیەم لەسەر پرسەکانی زمان و گرووپە ئیتنیەکانی کوردستان، لە ڕۆژنامەو گۆڤار و سایتەکان بڵاوکردۆتەوە، لە ڕاستیدا لە ئەنجامی کارکردنمان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو لە ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزریی، هەروەها لە گۆڤاری زمانناسیی (زمان و زار)دا، کە ئامانجی بنەڕەتی وەک سێ جومگەی سەرەکی (زمان، ناسنامە، کلتور) بوون، ئەو پرسە گرنگانە هانیاندام وەک پرۆژەیەکی ستراتیجی بە پێی توانای خاکەڕای خۆم ئیشیان لەسەر بکەم بە تایبەتیش پرسگەلی ناسنامەی کوردانی (ئێزیدی، شەبەک، کاکەیی-یارسان، فەیلی، کوردانی مازەندەران و خۆراسان و قافقاس...هتد)، کە بە چەند وتار و توێژینەوەیەکی ئیتنۆگرافی و زمانناسیی لەسەر دۆزەکەیانم نووسی. هەڵبەتە وێڕای حاشاهەڵنەگرتنی کوردبوونی ئەم پێکهاتانە، لە ڕوانگەی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤیشەوە دواتر وەک پێکهاتەیەکی ڕەسەنی نەتەوەکەمان دوای سەردانی مەیدانی بۆ دەڤەرەکانیان و لە نزیکەوە پەیوەندیکردن و دۆستایەتی لەگەڵ کەسایەتییەکانین، ئەوجا لەسەریانم کۆڵیوەتەوە.

ئەم پێکهاتانەی گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی نەتەوەی سەردەستەوە بە پلان و بەرنامەی تۆکمە چەوسێنراونەتەوە و هەوڵی قڕکردن و لە نێوبردنیان دراوە، هەر هیچیان نەکردبێت لە هەوڵی بەردەوام بوون زمان و کلتوری خۆیان بەسەر ئەو پێکهاتانە بسەپێنن و ئاسمیلەی ناسنامە و فەرهەنگەکەیان بکەن. دیارە ئامانجی سەرەکی و ستراتیجییان هەر بە مەبەستی گۆڕانکاریی دیموگرافی لە کوردستان و بەرتەسککردنەوەی جوگرافی نیشتیمانەکەمان بووە تا لە ناسنامەی کوردبوونی خۆیان دایانبماڵن و دواجار وەک نەتەوە و زمانی سەربەخۆیان بناسێنن.

توێژینەوە لەسەر پرسی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە کوردستان دا، ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی تەواوی کار و چالاکییەکان زیاتر ناساندنی پرسی پێکهاتەکانە وەک پێشتر ئاماژەم پێدا لە بوارەیلی (زمان، ناسنامە، کلتور)دا. هەروەها لە هەردوو ڕووی ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیاندا و هاندانیان لەبیرکردنەوە و شرۆڤەی نوێ لەو هەڕەشانەی کە کۆمەڵگەی کوردستان لە ئێستا و ئاییندەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بەو هیوایەی کە بتوانین هەستی بەرپرسیاریەتی لای تەواوی تاک و گرووپەکان دروست بکەین، بەوەی کار

بکەین لەسەر ڕێزگرتنی فرەیی و جیاوازەکانیاندا. ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی هەر یەک لە پرسگەلی ئەم گرووپانە ئەویش لە ڕێگای ئەنجامدانی توێژینەوەی ئەکادیمی و سازدانی کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانس بۆیان. ئەو توێژینەوە مەیدانیانە خۆی لە خۆیاندا دەبنە پرۆژەیەک بۆ گەڕان و شرۆڤە کردن لەسەر ئەو بوارانەی کە لەو نووسینەدا خستومەتەڕوو. بۆیە بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنهزری دیموکراسی بۆ چەسپاندنی چەمکی لە یەکگەیشتن و گەیاندنی ڕۆشنبیری بە تاکەکانی کۆمەڵگا و پاراستنی تەبایی لە نێوانیاندا خواست و ئامانجی ئێمە بوو.

توێژینەوە لەسەر ئەو کێشانەی پەیوەستن بە پرسی پێکهاتە ئایینییەکانی کوردستان، هەڵوەستە و هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتەیمانی گەرەکە. بێگومان ئەوانەی ئینتمایان بۆ ئەم خاک و نەتەوەیە نەبێت لە ئازاری ئەم پێکهاتانە ناگەن، ئەو ڕۆڵەش لە دیدگای هەمەچەشنەی نوێوەوە سەرهەڵدەدەن، تایبەتە بە کێشە و کاریگەری هەرێمی و وەژموونە نێودەوڵەتییەکان و بەرژەوەندییەکانیان. هەڵبەتە ئەم پرسە وەک دیالۆگێکی لۆجیکی دەبێتە تاوڵەیەکی بازنەیی و بەهێز بۆ قسەکردن لەنێوان گرووپە ئیتنیکییە جیاوازەکان لە کوردستان دا. هەروەها دروستکردنی پردێکی هاوبەش لەگەڵ دامودەزگاکانی دیکەی توێژینەوە لەسەرانسەری کوردستان و دواتر جیهاندا وەک (زانکۆکان، پەیمانگەکان، بنکەکانی توێژینەوە)، و هەماهەنگی کردن لەگەڵ تەواوی ئەو پرۆژانەی هاوشێوەن و هەمان ئامانجیان هەیە لەسەر کێشەی پێکهاتەکان لە ناوچەکە و لە وڵاتە دراوسێیەکاندا. بۆیە بەشداری سیاسیی پێکهاتە ئاینییەکان، لەسەر بنەمای پەژراندنی کۆمەڵێک پێشمەرجدایە و سنووری تاکتیک و مانۆڕی سیاسیی نەبەزاندووە و هێشتاش نەچۆتە چوارچێوەیەکی ستراتیجییەوە. بەشداری پێکردنی پێکهاتەکان لە کوردستاندا وەک هاووڵاتیانی پلە یەک جیاوازە لە دروستکردنی زەمینەی یەکسان بۆ بەشداریی کردنیان، چەمکی بەشداری پێکردن تەنانەت لە ڕووی زمانەوانییەوە جۆرێک لە بەخشینی تێدایە، پێدەچێت لە کوردستان کۆدەنگییەکی سیاسیی و ڕۆشنبیریی هەبێت لەسەر دواخستنی بابەتی مافی یەکسانی هاووڵاتیبوونی پێکهاتەکان و پاراستنی ناسنامەی جیاوازیان، ئەزموونی پێکەوەژیان وەک بەڵگەی کرانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بەکاربهێنرێت. بەڵام ئەزموونی بەڕێوەبردنی وڵات، ناسیۆنالیزم ڕووبەڕووی گیرخواردن دەکاتەوە لەنێوان کرانەوەی بێسنوور و داخرانی تەواوی پێناسەی هاووڵاتیبووندا.

ناسیۆنالیزمی کوردستانیی کە بە ڕای من هێشتا وەک هزر و فەلسەفەی نەتەوەیی پێنەگەیشتووە و کۆی حیزبەکانی ئێستای کوردستان، بەخۆیان بزانن یان نا، لەمیانەی هەوڵەکانیان بۆ دروستکردنی قەوارەی دەوڵەت لە داهاتوودا، مخابن هەندێجار هەوڵی شوێنگرتنەوەی ئەو داگیرکەرە دەدەن کە سەدەیەکە قوربانیان بۆ داوە و لە دژیدا جەنگاون. لەجیاتی ئەوەی هەوڵی بەدیهێنانی جیهانێکی جیاوازتر بدەن لەوەی کە تێیدا قوربانی بوون، دەسەڵاتی کوردی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، لەژێر هەژموون و کاریگەری ناسیۆنالیزمی ئەو دەوڵەتانەدا بووە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. وەک چۆن نەتەوە دراوسێیەکانمان دەوڵەت دەکەن بەو ئامانجەی هەموو ئامرازێک ڕەوا دەکات، لێرەدا ئەرکە قورسەکەی کورد تەنها دروستکردنی دەوڵەت نییە، بەڵکو دروستکردنی دەوڵەتێکە کە کۆپی هەمان ئەو دەوڵەتانە نەبێت کە پێکهاتەکانی گەلی کوردستان لە دژیاندا جەنگاوە. دڕندەیەک نەبێت هاوشێوەی ئەو دڕندانەی کوردیان کۆمەڵکوژ کردووە، ئەویش پێکهاتەکانی ناو هەناوی خۆی کۆمەڵکوژ بکاتەوە، بابەتی پێکهاتەکان و مافەکانیان دەبێت لە دەستووری داهاتووی کوردستان دا دانی پێدا بنرێت و بسەلمێنرێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەم گرووپانە دووچاری قڕکردن نەبنەوە، چونکە ئەو کەمینانە لە داهاتووشدا ترسیان هەیە لە ژیان لەچوارچێوەی قەوارەیەکی کوردی دا. بۆیە هەموو هاووڵاتییەک بەدەر لە ناسنامە مافی بەشداریی

سیاسیی هەیە و پێویستە دەسەڵاتی کوردستانیی زەمینەی یەکسان خۆش بکات بۆ ئەم بەشدارییە سیاسییە، لەم قۆناغەدا هیچ شتێک لەوە گرنگتر نییە پێکهاتەکان کوردستان بەشداربن لە کۆی ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر ئایندەی هاوبەشمان دەکرێن.

## ئێزدییەکان و کۆمەڵکوژی شنگال

ئێزدییەکان گرووپێکی ئیتنیکی کوردی و کوردستانین بە زۆری لە دەڤەرەکانی باشووری کوردستان و بەتایبەتیش لە کاڤاری شنگال و شێخان نیشتەجێن، هەروەها پێکهاتەیەکیشیان لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها لە ئەرمەنستان و گورجستان دەژین. ئێستا ژمارەیەکی بەرچاویش نیشتەجێی وڵاتانی ئەورووپان بەتایبەت ئەڵمانیا. زۆرێک لە دەوڵەتداران و ناسیۆنالیستی عەرەب هەوڵیان داوە ناسنامەی نەتەوەیی ئەێزیدییەکان لە نەتەوەی کورد جودا بکەنەوە بیانکەن بە عەرەب یان لانی کەم بیانکەن بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ بە نەتەوەی ئێزیدی بیانناسێنن. دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتیش ناسیۆنالیزمی ئەرمەن و دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستانیش هەمان هزر و هەوڵیان هەبووە بۆ ئاسمیلەکردنی نەتەوەیی ئەێزیدییەکان و لاوازکردنی پێگەی کورد لە ناوچەی قافقاس دا، تەنانەت کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی مۆسکۆش هەبوو لە بە فەرمی ناساندنی کوردی ئێزیدییەکان وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ، هەر لەو سۆنگەیە هەرچی کوردی مسوڵمان هەبوو لە ئەرمەنستان ناچارکران ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵن ڕوو لەوڵاتانی ئاسیای ناوین و ڕوو سیا بکەن، دکتۆر خەلیل جندی لەکتێبی ( ئایینی ئێزیدی، باوەڕەکان، میتۆلۆجیا، چینە ئاینییەکان) کە لەساڵی ٢٠١٨ لە دەزگای ئەلمەسارات لە وڵاتی لوبنان چاپ بووە دەڵێت: بە چەمکە مێژوومیە کۆمەڵایەتییەکە ئایین لەنەتەوە کۆنترە، دەرکەوتنی ئایین بە هەزاران ساڵ بەر لەدرووست بوونی نەتەوە بووە، بۆیەش کاتێک یەکێک دەڵێت من ئێزیدیم، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کورد نییە و خۆی بە نەتەوەی کورد نازانێت و بە دوور دەگرێت و جیای دەکاتەوە، ئێزیدی ئایینێکی دێرینی کوردانە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی پێش شارستانیەتی سۆمەرییەکان، ڕەنگە کۆنتریش بگەڕێتەوە، بەڵام توێژەری ناسراو د. زرار سدیق و کۆچکردوو سەلام ناوخۆش پێیانوایە کە ئێزیدییەکان گرووپێکی ئایینی مسوڵمانن، بەڵام هەڵگەڕاونەتەوە و لەئەنجامی ململانێی نێوان بنەماڵەی عەباسییەکان و ئەمەوییەکان سەریان هەڵداوە، کەواتە مێژووی سەرهەڵدانی ئاینی ئێزیدییەکان بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێنیتەوە، ئەمەش پێچەوانەی بەڵگە نامە مێژوویی و زانستییەکانە کە دەیسەلمێنێت ئاینی ئێزیدی ئایینێکی دێرینی خەڵکی کوردستان بووە.

ئێزیدییەکان لە هەرێمی کوردستان دا بەگشتی ژمارەی دانیشتوانیان نزیکەی ٦٥٠ هەزار کەس دەبێت، تا وەکوو ڕۆژی ٣-٨-٢٠١٤ ئێزیدییەکان تاوانی کۆمەڵکوژی "شنگال"یان لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامیی ناسراو بە داعشەوە لەهەق ئەنجام درا، ژمارەیان بۆ نیوە کەمتر دابەزی، دوای ئەو کارەساتە تراژیدییە بەتەواوی نەدەزانرا کە ئێزیدییەکان تا چەند پەراوێز خراون.

توێژینەوە مێژوووییەکان لە کۆندا ئاماژە بە شاڵاوی (فەرمانی ٧٤ کۆمەڵکوژی)، جینۆسایدی ئێزدییەکان دەکەن، کە زۆرینەیان بە هۆکاری ئایینی و ئیتنیکی بووە. ئەم کۆمەڵکوژییانە هۆکاری کارەسات بوون بۆیان. سەرەتاش لە ٢٠٠٧ لە کۆمەڵگەی سیبا شێخ خدر و گرعوزێر لە ڕێگای تەقاندنەوەی تانکێکی بۆمبڕێژکراو بوو کە بووە هۆی کوشتنی پتر لە ٥٠٠ کەس و بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆر لەوە زێتریش.

لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش هێرشێکی بەرفروانیان کردە سەر کاڤاری شنگال کە لە ڕاپۆرتە دیکۆمینتاری ومیدیاییەکان و کۆمیتەکانی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت دەکەنەوە کە لەگەڵ هاتنی داعش بۆ ناو شنگال، پیاوان و منداڵانی کۆمەڵکوژ کرد و بە زیندوویی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا ناشتنیان. ژنان و کچانیان سەبی کران و بەسەر تیرۆریستەکاندا بەخشینەوە. هەواڵەکان ئەوە دەسەلمێنن کە لە بازارەکانی ڕەقە و موسڵ و مەیادین و ئەلبوکەمال و شەدادی سەودایان پێدەکـرا.

ئێزیدییەکان بە بەرچاوی هەمووانەوە تووشی هەڕەشەی قڕکردنبوون و لەناوبران، بە پلەی یەکەم بەهۆی ئێزیدی بوونیان و ئینجا کوردبوونیان و هۆکاری سێیەم ستراتیجییەتی ناوچەی جێ نفوزیی ئەوان بوو، کە لە لایەن وڵاتانی هەرێمییەوە جێی بایەخی جیۆپۆلەتیکی خۆی بوو.

**هەڵوێستی پارت و لایەنە کوردستانییەکان**

دۆزی ئێزدییەکان وەک هەر دۆزێکی تر بەشێک یان گرووپێکی دیکەی گەلی کوردستان لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە پارتە عیلمانی و ئیسلامییەکانەوە، شرۆڤە و هەڵوێستی جودای لێبۆتەوە. پارتە نەتەوەیی و سیکولارکانی کوردستان پرسی ئێزدییەکان بەبەشێک لە دۆزی نەتەوەیی گەلی کوردستان دەزانن، ئەمەش بە ئاشکرا لە پەیرەوی ناوخۆی حیزبەکانیان دەخوێنریتەوە و بەرگری لە چەوساوەیی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دەکەن. هەرچەند لە واری واقیعدا کەم و زۆر هەڵویستیان جیاواز بووە، بەتایبەت لە پرسی تراجیدی کەوتنی شنگال دا. بینیمان چۆن لایەنێک پشتی تێکردن بێ هیچ پاساوێک هێزەکانی خۆیان لەو ناوچانە کشاندەوە، لەهەمان کاتدا لایەنی تر هەبوون بەرگرییان لەو خەڵکە لێقوماوە کردو ڕێگایان بۆ کردنەوە تا بە سەلامەتی لە دەست تاڵانکارانی داعش ڕزگاریان بێت. هاوکات دەبینین هەڵویستی لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستان لەسەر پرسی ئێزدییەکان جیاوازە.

ئەو هەموو هاتوهاوارەی لە میدیا و لێدوانەکانیان لە دژی دەسەڵاتی هەرێم لەسەر تیرۆری سیاسی، کەچی ئەو هەموو کوشتار و کۆمەڵکوژییەی لە ئاست ئێزیدیەکان و هەروەها لە شارەکانی باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجام دران و ڕۆژانەش ئەنجام دەدرێن نە نووزەیەکیان لێوە دێت، نە هەڵوێستێکی وەها دەنوێنن کە هاوبەشی بێت بۆ تراجیدیای گەلەکەمان و ئیدانەکردنی داگیرکاری گەلەکەمان. پرسیار ئەوەیە تۆ بڵێیت تاوانە دڕندەییەکانی داعش، کە لە ئاستی جینۆسایدی کوردی ئێزیدییەکانە لە دەڤەری شنگال لەو تاوانانە بچوکتر و لاوازتر بێت و شایستەی ئیدانەیەک نەبێت؟

ئیسلامیەکانی کوردستان، پێچەوانەی هەموو ئیسلامییەکانی تری ڕۆژهەڵات لاوازترین هەستی نەتەوەییان بەرامبەر بە گەلەکەی خۆیان هەیە، بەردەوام هەستە ئایینەکەیان زاڵتر و تۆختره لە هەستە نەتەوەیەکە، باشترین نموونەش هەرچی تاوان لە جیهانی ئیسلامی ڕوودات ئەوان بە هەزاران ئیسلامی کورد دەهێننە سەر شەقام و میدیاکانی چەندان ڕۆژ بۆ تەرخان دەکەن، بەڵام کوردی ئێزیدی لە شنگال و لە ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان بە هەزاران تاوانیان بەرامبەر کرا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەیان کەسایەتی کورد لەسێدارە دران، بچوکترین ئیدانەی کۆماری ئیسلامی ئێران ناکەن.

خەیری بۆزانی نوێنەری پێشووی ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و ئێستاش ڕاوێژکاری کاروباری ئایینی ئێزیدییەکان لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی هەڵویستی هاووڵاتیانی کوردستان بە گشتی و تەنانەت لایەنێکی ئیسلامی کوردستانیش دەڵێت؛ تا ڕادەیەک هەڵویستی یەکگرتووی کوردستان

ئەرێنی بوو لە پرۆتۆستۆکردنی تیرۆریستانی داعش لە دۆزی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکانی شنگال. کاتێک خەڵکی شنگال ئاوارەی دەڤەری بادینان و بەتایبەت باژێری دهۆک بوون هەندێ لە کوردە موسڵمانەکان دەرگای مزگەوتەکانیان بۆ کردنەوە بە مەبەستی دالدەدانی ئەو خەڵکە لێقەوماو و سەرگەردانە. حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش بە شێوازی جۆراوجۆر ئیدانەی ئەو کردەوە تیرۆریستیەی داعشیان کرد، بۆیە کاتی ئەوەیە دەزگا ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان مەسەلەی ناسینی داعش وەک هێزێکی تیرۆریست و جینۆسایدکردنی کوردانی شەنگال بکەنە یاسا بەسەر هەموو لایەنێکدا، وەک ئەوەی هەندێ وڵاتی ئەوروپی لە بەرامبەر دان پیانەنانی هەر کەسایەتی و لایەنێک بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەکەنەوە.

بەڵام هەڵوێستی ئێزیدییەکان لەسەر پرسی کۆمەڵکوژی شنگال وێڕای جیاوازی هەڵوێستی پیاوە ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتەییەکان و ڕاوبۆچوونی جیاواز لەمەڕ ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و لایەنگرانی پارتە سیاسییەکان بەتایبەت ئەوانەی سەر بە (پدک و ینک و پکک) بە بێلایەنەکانیشیان لەسەر پرسی کۆمەڵکوژی شنگال، بەڵام زۆرینەی ڕەهایان مەگەر ژمارەیەکی کەمی ئێزیدییەکانی باشیقە و بەحزانی کە عەرەبی ئاخێوەرن، لەگەڵ بەشێک ئێزیدیانی لە ماوەی ۳۰ ڕابردوودا بە هۆی سیاسەتی نکۆڵی کردن و ئاسمیلاسیۆن لەلایەن دەوڵەتی ئەرمەنستانەوە کە ناچارکراون حاشا لەکوردبوونی خۆیان بکەن و بەڵام زۆرینەی ئێزیدییەکان هێشتا جەخت لەسەر ئینتمای نەتەوەیی کوردبوون و کوردستانی بوونی خۆیان دەکەنەوە.

**ئێزیدی وەک ئایینێکی ڕەسەنی کوردی**

جگە لە کوردە یارسانەکان، ئێزدییەکانیش وەکو ئایین، ئاینێکی جیاوازیان هەیە و بە ڕەسەنترین ئایینی دێرینی کوردان دەژمێردرێت، هەرچەندە لەسەر ئەو باوەڕەی خۆیان زۆر چەوساونەتەوە، بەڵام بەردەوام داکۆکیان لە ناسنامەی ئایینی خۆیان کردووە. بە گوێرەی شێوازی باوەڕ و پێوانەکانی پەرستن و شوێن و پەرستگاکانیان و شێوازی ژیانیان، بۆچوونێک هەیە کە دەتوانرێ وەک تیرە یان پاشماوەی ئایینی زەردەشتی بەناو بکرێن، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ۳۰۰۰ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ (عەبدولرەحمان قاسملو، کتێبی کورد و کوردستان). ئێزیدییەکان خۆیان ئەم بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە، ئێزیدی بە ئاینێکی جیاواز و سەربەخۆ دەناسێنن، تەنانەت کاتی زەردەشتییەکان داوایان لەو پەیرەوکەرانی ئایینی ئێزیدی کردووە کە بێنە سەر ئایینی زەردەشتی، ئێزیدییەکان ئەو داواکارییەیان بە توندی ڕەتکردۆتەوە، هەر بۆیەش لەلایەن زەردەشتییەکانەوە بە دێوپەرست ناسراون و چەوسێنراونەتەوە.

ئایینی ئێزیدی و بوونی ئێزیدییەکان، سیمای دەوڵەمەندی کلتور و فرەیی و مێژووی ناوچەکە و گەلی کوردستانە، کوردانی ئێزیدی لە ڕووی ئایینیی‌یەوە خودان جەژنێکی تایبەت بە خۆیانن کە بە چوارشەمە سۆر ناسراوە. بە پێی ڕۆژژمێری ڕۆژهەڵاتی دەکەوێتە یەکەم چوارشەممەی مانگی نیسان، ئەمەش جەژنی سەری ساڵی ئەوانە، لەم ڕۆژەدا بەکارهێنانی هێلکە و ڕەنگکردنی یەکێکە لە تایبەتمەندی‌یەکانی و جێ بایەخیانە. ئەویش بەو مانایەی هێلکە لە زەوی دەچێت، هەروەها ڕۆح و توخمی تێدایە. لە خوێندنەوەی تریشدا دەڵێن زەردێنەکەی لە زەویی و سپیاییەکەی لەئاو یان لە بۆشایی گەردوون دەچێت، ئەم جەژنە لە سەردەمی بابلی و تەنانەت ئاشوریی و سۆمەرییەکانیشدا هەبووە. بەپێی کۆنی ئایینەکە و بەرفراوانی ئایینەکەش لە سەردەمی خۆیدا وایی بووە لە جێگای زۆر و بەرفراوانتردا جەژنەکە بکرێت بە جیاواز لە

سەردەمی ئێستادا. هەموو ئایینێک تایبەتمەندی خۆی هەیە بێگومان. دەوترێت لەناو ئێزیدییەکاندا لە مانگی نیساندا ژنهێنان و بەشوودان نییە. چونکە نیسان خۆی بووکی ساڵە و زەوی ئاوسە، چەند سەرچاوەیەکیش باس لەوە دەکەن ناوی (نیسان) لە (نویَ ساڵ)ەوە هاتبێت. لەم ڕۆژەدا ئێزیدییەکان ڕووناکی زۆر بەکاردێنن و تاریکایی ڕووناک دەکەنەوە، وەکو خۆیان گوتەنی لە تاریکییەوە بەرەو ڕووناکی. دیارە لەئایینەکانی ناوچەی میزۆپۆتامیا و ئایینی تریش بابەتی ڕۆژپەرستی و ڕووناکی پەرستیش هەبووە، هەروەها گوڵی سووریش (کولیلکا نیسانێ) لەتاقی پەرستگا و شوێنە تایبەتەکانیان دادەنێن. هەرچەندە بەهۆی ئەو تاوانانەی لەهەقیان کراو بەهۆی بردنی ژن وکچ و منداڵەکانیان و کە هێشتا لە دەستی تیرۆریستانی داعشدان جەژن ناکەن. ئەوان سیمبولێکی دێرین و نوێی قوربانین لە ناوچەکەدا، پێویستە هەموو لایەک بە ڕێزەوە بڕوانێتە ئەو توێژە گرنگەی کوردەواری، بەدڵنیاییەوە پێویستە هەر ئەو ڕۆژەی پەرلەمانی کوردستان کەوتەوە سەرکاری خۆی، پرۆژە بڕیاری تاوانی شەنگال بکاتە بڕیارو ڕۆژی ٣-٨ی هەموو ساڵێک بە فەرمی بکاتە ڕۆژی جینۆسایدی ئێزیدییەکان.

## ناسنامەی ئێزیدییەکان و چەواشەکاری ناسیۆنالیستی عەرەبی

زۆرترین هەڕەشەی لەناوچوونی ئێزیدییەکان لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانی ئیسلامەوە کراوە، لە سەردەمی یەزیدی کوڕی مەعاوییە تا ئێستا. عەرەب ناوی ئێزیدییەکانیان چەواشەکردوە و پێیان دەڵێن "یەزیدی" واتا بە درۆ و چەواشەکاری دەیانگەڕێننەوە بۆ یەزیدی کوڕی مەعاوییە، بەڵام بێگومان ئەوە هیچ پەیوەندی بەڕاستیەوە نییە، بەڵکو پارچەیەکە لە پرۆسەی ئاسیملاسیۆن. بەهەمان شێوە ئەوەی بە زەبری چەک نەیتوانیوە لەگەڵیان بکرێت، بەتایبەت لەلایەن تورکە عوسمانییەکان لە ٤٠٠ ساڵی ئیمپراتۆریەتەکەیان، ئەوان هەوڵیاندا لەڕێگای ڕیفۆرم گۆڕانکاریی لە ئایینی ئێزیدی دروستی بکەن. هاتنی شێخ ئادی، هەمانکات دروست بوونی ڕیزبەندی و سیستەمی هیرارشی لە نێو ئێزیدییەکان(شێخ، پیر، میر، فەقیر، مرید، قەوال....هتد) هەروەها دروست کردنی پەرستگا و ناولێنانی ئیسلامیی‌انە بە ناوی حەج، سەفاو مەروا...هتد، کۆتایش گۆڕ و جلوبەرگ و شوێنی پەرستنی شێخ ئادی بووەتە نەزرگای هەرە سەرەکی ئێزەدییەکان، بەواتایەکی تر، شێخ ئادی لاسای پێغەمبەری ئیسلام محەمەدی کردوەتەوە و خۆی کردوەتە ناوەندی پەرستن و سازشی نێوان تاک و کۆمەڵی ئێزیدی و ڕێوڕەسمی پەرستگای لالەش وەک نمونە. ناتوانین بڵێین ئێزیدییەکان لە ڕێگای شێخ ئادی لە ڕاستەهێڵی خۆیان دەرچوونە، بەڵام ناشتوانرێن بڵێین وەک خۆیان ماونەتەوە. ئەوەی لەمڕۆدا گرنگە بۆ ئێزیدییەکان و شەنگالییەکان، ئەویش مانەوەیانە بەناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی خۆیان و پاراستنی ناسنامەکەیان.

## ڕێکخراوی داعش و کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان

لە سایەی دەزگا هەواڵگرییە عەرەبیەکان و بە هاوکاری دەوڵەتانی دراوسێ و بە هاندانی بانگخوازە ئیسلامییە توندڕەوەکانی میسر و سعودیە و قەتەر، ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلام ناسراو بە داعش، لەسەرەتای حزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ بەشێک لە خاکی سووریا و عێراقی داگیرکرد و خێڵە عەرەبە سوننەکان پشتیوانییان لێکردن. لە سەرەتاوە سەرانی کورد وەک دەوڵەت گرەویان لەسەر کردن و گوتیان عێراق ناگەڕێتەوە بۆ پێش ٩ حوزەیران و ئێستا ئێمە دراوسێیەکی نوێمان هەیە کە ناوی داعشە و هێزی

پێشمەرگەیان ناردە ناوچە کێشە لەسەرەکان، داعش هێرشی لەسەر بەغدا و دیالە چڕکردەوە و بەر ڤیتۆی ئێران کەوت، ڕووی کردە کوردستان، لە جەلەولا شەڕ هەبوو لە موسڵ نەبوو، یەکێتی پارتی تۆمەتبار دەکرد کە شەڕ لەگەڵ داعش ناکەن. کاتێک شەڕەکە گشتگیر بوو سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت خەڵکیان لە توانای بەرگری دڵنیا کردەوە، بەڵام لە شەنگال پێمان گوترا نەک بەرگری لاوازە، بەڵکو هەر نییە، سەرکردایەتی کورد باش دەیانزانی کە چەکی داعش چییە و توانای چەندە و چۆنە؟ بەڵام پێش کارەساتی شنگال ئەم سەرنج و گازندەیان نەدەکرد، هێزەکانیان لە شنگال بێبەرگری شارەکەیان چۆڵکرد و منداڵ و ژن و کیژی شنگالیان کردە خۆراکی ئەژدیهاکانی داعش. ڕێکخستنەکانی پارتی لە شەنگال لەماوەی دوو مانگدا نەیانتوانیوە هێزی بەرگری دروستبکەن ئامادەیان بکەن بۆ هەر ڕووداوێک تا لاوە ئێزدییەکان چەکدارکەن. ئێزیدییەکان خۆشیان خەمسارد بوون بەرگریان نەکرد! شەڕی ماڵ بە ماڵ و جادە بە جادەیان نەکرد و شارەکەیان چۆڵکرد. ئەمە گازاندەیەکی جددیە لە لاوانی ئێزیدی، ئایا باشتر نەبوو لەبری ئەوەی دایک و خوشک و منداڵەکانیان بە برسێتی و تینوێتی لە شاخی شەنگال بمرن و کیژە پاکیزەکانیان بێبەرگری جێبهێلن بیاندەنە دەست داعش، لە ناو ماڵ و شەقامەکان و سەربانەکانی خۆیاندا شەهید ببن و داعشەکان بە دۆزەخ بسپێرن؟ بۆ نموونە شاری ئامرلی تورکماننشین دوومانگ لە گەمارۆی داعش دا بوو و بە هەلیکۆپتەر خواردنیان بۆ بەردەدانەوە و بەرگرییان دەکرد. سەرنجی کۆبانی، حەڵەب، قامیشلو، غەزە بدەن چۆن شەهید دەدەن و شاریان چۆڵ نەکرد، ئەم ڕاکردن و شار چۆڵکردنە لە ناو کوردا بووەتە کلتور و شانازیشی پێوە دەکەن. دواجار لەسەر ئەتککردنی شەرەفی ژن و کیژانی ئێزیدی و جینۆسایدی ئێزیدییەکان ئەمریکا هاتە دەنگ و هەولێری پایتەختی پاراست و هاوکاری مرۆیی و سەربازی نارد و یەکێتی ئەوروپاش ئەنجومەنی ئاسایشی هاندا بۆ هاوکاری، ئایا دەکرێت ئێمە تەنێ چاوەڕێی کارەسات بین بۆ ئەوەی وڵاتان بێن بە هانامانەوە؟

ئەدی بوێری و گیانفیدایی کورد چی لێهات؟ لەگەڵ ئەو هەموو پێشمەرگە بوێرانەی کە کورد هەیەتی نەتوانراوە سوود لە وزە و توانایان وەربگیرێت، ئایا کورد سیاسەت نازانێ یان دوژمنی زۆرە یان هەردووکیان. لەسەرەتادا داعشییەکان شەڕی کوردیان نەکرد، کورد هەڕەشەی گشتپرسی و سەربەخۆیی کرد، سەرۆکی هەرێم چووە پەرلەمان و داوای دەرکردنی یاسای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لێکردن، لێرەوە ئێران و تورکیا و میسر و کۆمکاری عەرەبی و ئەمریکا و عێراقی شیعە هەڕەشەیان کرد، یاساکە دەرچوو، بە داعش گوترا ڕووی چەکەکانتان لە شیعەوە بۆ کورد وەرگێڕن. کورد لە سەرەتاوە خراپ هاتە دەست و لەولا شەنگال و لەملا جەلەولای لە دەستدا و هەولێر و خانەقین و کەلار کەوتنە بەر هەڕەشە، هەندێ لە هاووڵاتیانی هەولێر و هەندێ لە خانەقین چۆڵیان کرد. ئێران و تورکیاش بێدەنگ بوون، ئەمریکا هاتە دەنگ بەو مەرجەی کورد بچێتەوە بەغدا، ئێستا سەرانی کورد لەبری دەوڵەتی کوردی کێشمەکێشی گەڕانەوەی بەغدایانە، پێدەچێت مەرجی شاراوەی ئەمریکا بۆ پاراستنی هەولێر، گەڕانەوە بۆ سنووری پێش ٩ ی حوزەیران و وازهێنان لەگشتپرسی و دەوڵەتی کوردی بێت. ئەمە مەرجی شیعە و سوننەش دەبێت، لە ئەنجامدا کۆمەڵکوژی شەنگال کرا، ژن و کچانی ئێزدی ئەتکران و شەهیدێکی زۆریان دا. ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە دەبێ پێشمەرگە بگەڕێتەوە شوێنەکانی پێش ٩ ی حوزەیران، ئەمەش هەمووی لە ئەنجامی سیاسەتی ناحەکیمانەی سەرکردایەتی کورد بووە لە ماوەی ٢١ ساڵدا لە پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام و سیاسەتی پەنجا بە پەنجای دوو حیزبی باڵا دەستی ئەم هەرێمە بەش مەینەتە، بۆ جاری سێیەم هەلی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لەباربرا. مێژووی نزیکی خەباتی گەلی کورد بە گشت پێکهاتە ئیتنیکیەکانیەوە لە باشووری کوردستان دا بۆ هەشتا ساڵ پتر دەگەڕێتەوە، لەو ماوەیەدا هەوراز و

نشێوی زۆری بڕیوە، کۆسپ و تەنگژەی زۆری دیوە، نسکۆی ١٩٧٥ و کیمیاباران و ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨، دواجار ڕووبەڕووی دڕندایەتی ڕێکخراوی داعش بووینەوە.

ماویەتی